کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-6-2007 21:11

## بایز میراودەلی: ناوهێنانی کەمایەتیەکان لوتکەی ڕاستگۆیی کوردە ... ئا: ئاسۆ

پرۆژەی دەستوری کوردستان تائێستاش گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەم گفتوگۆیانەش لەهەموو شتێك زیاتر پێویستن بۆ خاڵدانان لەسەر کەموکوڕیەکانی دەستوورو ئەو خەوشانەی تێیکەوتوون، ئەوەی لەو گۆشەیەدا دەیخوێننەوە هەرجارەی رای رۆژنامەنوسێکە

ئاسۆ: لە ماددەی (23) لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە لەهەلبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی خۆجێی رێژەیەك بۆ ژنان تەرخان بکرێت، ئایا ئەم خاڵە ناکۆك نییە لەگەڵ مادەی (21) کە دان بە یەکسانی ژن و پیاودا دەنێت؟

بایز میراودەلی: لەهەر مادەیەکی یاساییدا ناوی ئافرەت هات، جگە لەسوکایەتیو نیشانەی پرسیار بۆ کەمکردنەوەی سەنگی ئافرەت هیچ مانایەکی تری نییە. من ئەو دوو خاڵە بەپێچەوانەی یەکتر نابینم، چونکە یەکسانی ئافرەت بەمادەیەکی یاسایی یان بڕیارێکی پەرلەمان دەستەبەر ناکرێت. لەکۆمەڵگەیەکدا کەمێژوویەکی هەزارانساڵەی پیاوسالاری هەیە، هەرکات ئافرەتان توانیان درێژە بەخەباتی خۆیان بدەنو گەشە بەئاستی رۆشنبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتی بکەن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، شان بەشانی پیاو بەشداری هەموو بوارەکانی ژیان بکەن، ئەوکاتە هەموو ئەو ماددە یاساییانە کەرێژەی بەشداری ئافرەتانیان دیاری کردووە دەبنە بلقی سەر ئاوو پوچ دەبنەوە.

ئاسۆ: یەك لە کێشەکانی دەستورە ئەوەیە بە زمانی بێگانە نوسراوە، ئایا ئەمە تاچەند کەموکورتیە و رای تۆ لەو بارەوە چۆنە؟

بایز میراودەلی: نووسینەوەی دەستووری هەرێم بەزمانی بێگانە جگە لەخۆبەلاوازو زانینو بێگانەپەرستی مانایەکیتر نابەخشێت، ئەگەر گرفت زاراوەبێت، من دڵنیام زمانی کوردی هێندە دەوڵەمەندە کەدەتوانێ لەسۆرانیو بادینیو هەورامیو زازاییو کەلهوڕی، چەندان دەستەواژەو زاراوەی نایاب هەڵبژێرێت کەشایستەی ئەو دەستوورو یاسایانە بوایە بۆئەوەی لەئاییندەدا چاو بەرەو ژێری نەوەی داهاتوو نەبوینایە.

ئاسۆ: لەرەشنوسی دەستوردا زاراوەو ئاوەڵناو بەکارهاتووە وەك کوردستانی عێراق واتا کوردستان بە رووتی بەکارنەهێنراوە، ئایا نەدەکرا باشوری کوردستان بەکارهاتبا یا بەتەنها کوردستان بۆ ئەوەی نەبینە بەشێك لە عێراق؟

بایز میراودەلی: کورد خواشی ئەوێتو خورماشی ئەوێت، تۆ کاتێك دروشمی فیدراڵی هەڵئەگریت، واتە خۆت لەچوارچێوەی عیراقدا قەتیس داوە. باشە بە چ مانایەك ئەتوانی بڵێیت کوردستانی باشوور، کوردستانی عێراق، پڕاوپڕی پێستی فیدراڵیە، کاتێك لەئێران (ئوستانی کوردستان) بەکاردەهێنرێت واتای ئەوەنیە بەهەموو کوردستانی رۆژهەڵات بڵێن (ئوستانی کوردستان)، بەڵکو مەبەست لەوە تەنیا سنووری شاری سنەو قەزاو ناحیەکانیەتی، وشەی (ئوستان) بەفارسی واتە (شار) یان (پارێزگا) بەکارهێنانی (کوردستانی عیراق) جیا لەرەچاوکردنی بارودۆخو ئەمری واقیع، رەنگدانەوەی دروشمی عیراقی، دیموکراتی، فیدراڵیە کەدەسەڵاتی سیاسی کورد داوای کردووە، هەرکات ئەو دروشمە گۆڕا بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، ئەوکاتە ئەتوانین بڵێین (کوردستانی باشوور) .

ئاسۆ:ناوهێنانی تورکمان و ئاشوری و کلدان بە نەتەوە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بایز میراودەلی: ناوهێنانی کەمایەتیەکان لەپاڵ نەتەوەی کوردا لوتکەی راستگۆییو نیەت پاکی دەسەڵاتی سیاسی کوردە کە دەیسەلمێنێت بنەمایەکی پتەو بەهێزی هەیە، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کەلەئایندەدا بنەماکانی دیموکراسی وەکو خۆی جێبەجێ بکاتو گەشەی پێبکات.

ئاسۆ: سەرەڕای بوونی کەموکوڕی لەدەستوردا، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە کارێکی پۆزەتیفە ئایا زەمانەتی جێبەجێکردنی هەیە؟

بایز میراودەلی: ـ دەستور دەتوانێت کەمێك گۆڕانکاری سادە لەکوردستاندا دروست بکاتو هاوڵاتیان لەهەندێك مادە سودمەندبنو لەشوێنی خۆیدا بەکاریبهێنن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەستوور بووە بە (سۆنامیە) کی فیکری لەدەسەڵاتی سیاسی کورداو گۆڕانکاری جەوهەری رووئەدات، بەڵکو گۆڕانکاریەکان رێژەیی ئەبن، چونکە دەسەڵات هەر ئەو دەسەڵاتی پێش شەڕەو نووسینەوەی دەستوور نابێتە وەرچەرخانێکی مێژوویی تاکو پێش دەستوورو دوای دەستوور ناوبنێت قۆناغ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.